# یاسای بنەڕەتیی عێراق

نیشن ئانلاین. 30ی ئوتی 2005

ROBERT SCHEER، ماموستای پێوەندیەکانی زانستگەی کالیفورنیای جنوبیی ئەمریاکایە

وەرگێرانی: عوسمان _م

کێ عێراقی نابود کرد؟ سەرەنجام رۆژێک، کاتێک کە عێراق لەت و کوت دەبێ و دیسانەکە لەمەش خراپتر نوقمی هاریەکی مەزهەبی، تروریسم و شەری ناوخۆ دەبێ، لێکدانەوەیەکی بێ لایەنانە لە بابەت ئەم دەست تێوەردانە سەر سوور هێنەرە لە مێژوی مێللەتێکیتردا ئەنجام دەدرێ.

ئەمە ئەتوانی پرسیارێکی دیاریکەر بێ کە بۆچی هێرشی پێشگیرانەی ئەمریکا، کە بوو بە هۆی مەرگی نزیک بە 2000 ئەمریکایی و دەیان بەرابەری ئەمە لە خەڵکی عێراق، و خەرجێکی بەرابەر 200 میلیارد دولار و بەدناویی لە ڕادەبەدەری ئەمریکا لە ئاستی جیهانی دا_ ئاکامەکەی راست بە پێچەوانە لە ئاو دەرهات کە کونەپارێزانی پشتگری ئەم شەڕە پێش بینییان دەکرد؟

بە هەر ڕادەیەک بوش وەسفی یاسای بنەڕەتیی عێراق بکا و لافی بۆ لێدا، ناتوانێ ئەم راستیە داپۆشێ کە سەرەڕوەکان، نیوکراتەکان و تیروریستەکانی ناوچەکە لە هەموو کاتێکیتر بەهێزتر بون.

پیتر دەبلیو گالبرایت باڵوێزی پێشوی ئەمریکا لە کرواتیا و راوێژکاری کوردەکانی عێراق کە پسپۆری مەسەلە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە دەڵێ: ئەمریکا ئێستا ناچارە دانی پێدا بنێ کە سەدامی لابرد و دەوڵەتێکی لایانگری ئێرانی لە جێی دانا. بوش ئەیتوانی ئەمە تەواو بکا و بڵێ دەوڵەتێکی لایانگری ئێران کە سەرکوتگەرە سەقامگیر نییە.

پێتان وایە ئەمە هەیبەت نواندنە؟ نە، سەرنج بدەن: بەهێزترین میلیشیا و حیزبی سیاسیی ئەمرۆی عێراق، بێگومان ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق و هێزە شبە سەربازیەکانی سەر بەو، یانی سپای بەدرە کە نەک هەر بنەماکەی لە ئێران بو، بەڵکو لە لایان دوژمنی دێرینی ئەمریکا واتا خۆمەینی پێک هات. ئەم سپایە لە پاڵ ئێران لە شەری عێراق و ئێران شەری کرد و تاران وەک حکومەتی عێراق لە تەبعید بە ڕەسمی ناسی.

رەشنوسی یاسای بنڕەتیی عێراق چەلەبیی هێناوەتە هەژان و سەما. هەر ئەم یاسایە ئەگەر بەتەوای پەسەند بکرێ ئەگەری شەر و پێکدادان و کێشە لە نێوان شیعەکان و سونییەکان زیاتر دەکا.

چەلەبی کە دەزگای زانیاریی ئەمریکا تاوانباری کرد بە جاسوسی ئێران و خانوێکیشی لە تاران هەیە بۆ پشودان، ووتی: ئەمە بەڵگەیەکی بێ وێنەیە.

چ ئاکامێکی ئەحمەقانەتر لەمە هەیە بۆ شەرێک کە بە مەبەستی پێک هێنانی دەوڵەتێکی بەسەقام، یەک دەست، گوێرایەڵ و خزمەتکار دارێژرا کە لایانگری ئەمریکا، لایانگری بازاری ئازادی سەرمایەداری و دژ بە ئێرانی نەفرەت لێکراو بێ. دیارە بوش دیسان پێمان دەڵێ ئەمە یەک پێشرەفت و رۆشناییەکە. بەڵام تەلاشی بێ وچانی ئەو بۆ ئەوەیکە لە پشکەڵ هەورێشم بچنێت، ئیتر بۆ خەڵکی ئەمریکا رەنگ و روی پەریوە و تەنیا نسبەتی مەقبوڵیەتی کەمتر دەکاتەوە.

تەنانەت لایانگرانی شەریش خەریکە تێدەگەن کە هێرش کردنە سەر عێراق و داگیر کردنی بەرژەوەندی ئەمریکای لە جیهان نەک بەهێز، بەڵکو لاوازی کردوە و بوەتە هۆی سوکایەتی شەرم هێنەری ئەمریکا: لە رسوایی ئەبوغرێب تا شۆڕسی پارتیزانی کە هێزی سەربازیی بەتەنگ هێناوە، و تا هەڵبژاردنێک کە تێیدا "پیاوەکانی، وەک ئەیاز عەلاوی، لە لایان گوروپە مەزهەبیە رادیکاڵ و تەندرەوەکان شکستی خوارد.

یەکێک لە دوایین نمونەکانی شکست و تەنەزولی سەرۆک کۆماری ئەمریکا ئەوە بو کە بە ناچاری تەلەفونی بۆ سرۆکی ئەنجومەنی باڵای شورشی ئیسلامی عێراق، عبدالعزیز حەکیم کرد و ڕجای لێکرد کە پشتیوانی سونییەکان دەستەبەر بکا. تەنانەت لەمەش خراپتر، خێرا دەستی ڕەد بە سینگیەوە نرا. بەهەرحاڵ بوش بێجگە لەمە هیچ ڕێگایەکیتری نییە کە ئەمە قوت بدا و وەسفیشی بکا.

بوش رۆژی یەک شەممە، لە نێوان ددانە لێک هەڵ پێکراوەکانیدا ووتی: ئەمە بەڵگەیەکە کە عیراقیەکان، و ماباقی خەڵکی جیهان دەبێ شانازی پێوە بکەن. هرچێەک بێ، ئەمە بەڵگەیەکە کە بەم زێرە دێموکراتیکانە ڕازاوەتەوە: ئیسلام مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵەتە و بنەمایەکی ئەساسیە بۆ یاسا دانان. هەروەها لەفزی شبهە سوسیالیستی لە بابەت ئەوەیکە کار و ستانداردەکانی ژیانێکی شایستە دەبێ لە لایان دەوڵەتەوە زەمانەت بکرێ. بەڵام راستی ئەوەیە کە بەڵگەی ڕۆحی خومەینی وەک لایانگری پیرۆزی عێراق سەقامگیر بکا و بوش هیچ ڕێگایەکی نییە بێجگە لەوەیکە تەئیدی بکا.

تەنانەت زۆرێک لە ئەندامانی حیزبی خۆدی بوش ئاخێزیان دەست پێ کردوە. سەناتور چاک هاگل ئزنبراسکا یەکێک لە ئەندامانی حیزبی کۆماری خوازە کە دەڵێ: ئێمە دەبێ لەسەر ئەم مەسەلەیە دەست بەکار بین کە چلۆن ئەتوانین لە عیراق خۆمان خەلاس بکەین، و دەڵێ: من پێم وایە دەست تێوەردانی ئێمە لە عێراق خەریکە سەبات و سەقامی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێک دەدا. هەرچی زیاتر لەوێ بمێنینەوە، بە ڕای من بێ سەقامی زیاتر دەبێ.

بەڵام تەواوی ئەم بەدبەختیانە یەک توسقاڵیش پریزیدێنت جی من، کە دەستی دایە هێرشێکی نازەرور بۆ دڵی جیهانی عەرەب و ئیسلام، نیگەران ناکات. ئەو دەڵێ: ئەوەیکە گرنگە ئەوەیەکە عێراقیەکان ئێستا لە بابەت مەسەلەکانیان رویان لە وتووێژ ناوە، نەک پەلاپیتکەی چەک.

دیسانەکە لە هەڵەدای جورج، ئەمە پەلاپیتکەی چەکی تۆ بو کە بو بە دایەی عیراقی نوێ، عێراقێک کە مەترسیی سەقامی لوبنان و فەناتیسمی مەزهەبیی ئێرانی لە پێکاتەیەک دا پێکەوە، لەگەڵ خۆی هێناوە.